# ئەوەی هەڕەشە بۆ رۆژئاوا دروست دەکا
# رۆژهەڵاتی دوورە, نەك ناوەڕاست

کامیل قەرەداخی

کاتێك کە لەجیهانی هاوچەرخدا باس لەئسوولیەت دەکەین ,ئەوا پەنجە دەخەینە سەر کۆمەڵێك بزوتنەوەی وڵاتانی جۆراو جۆر ,کە لەچەند خەسڵەتێکی دیاریکراودا هاوبەشن,و تێیاندا دوو رەگەز پەیوەندییەکی پتەو کۆیان دەکاتەوە ,کە ئەو دوو رەگەزە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ یەکدا کۆنابنەوە لەباری ئسوولیەتدا نەبێ ,کۆبونەوەکەشیان لای ئسوولیەت ئەگەرچی چەند بارە ببێتەوە ,هەر کۆبوونەوەیەکی مەرجدارە .یەکێکی ئەو دوو رەگەزە زیندوکردنەوەی بانگەشەکردنەوەیە بۆ دەقە پیرۆزەکانو خوێندنەوەی پیت بەپیتییانە .رەگەزێکی تریش بانگەشەکردنە بۆ پیادەکردنی ئەم مەزهەبانە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا .ئەم دوو رەگەزە ئامادەییان لەئسوولیەتدا هەیە,و لەو بزوتنەوانەی تر جیای دەکەنەوە کە سیاسەتی دەستەڵاتخوازییان هەیە ,لەو بارانەش جیای دەکەنەوە کە تیایاندا چەند بزوتنەوەیەك بەشێوەی نائسوولیو ناپیشەیی هەوڵدەدەن کە مەزهەبە ئاینییەکان بەسەر سیاسەتدا پیادە بکەن )وەك بوونی قەڵەمڕەوی کاسۆلیکی بەسەر ناسیۆنالیستی پۆڵەندیو ئێرلەندییەوە ,یان قەڵەمڕەوی دەستەڵاتی کڵێسای رادیکاڵی لە ئەمریکای لاتین.(

هەڵکشانی ئسوولیەت :بەرنامەو راڤەکردنەکەی

بۆ ئەم دەستنیشانکردنە نریکەییە پیادەکردنی فراوان هەیە :رەنگە یەکەمین شت کە بەزەینماندا بێت بزوتنەوەی ئیسلامی بێت لەئێران بێت ,کە لەساڵی (1979)دا دەستەڵاتی گرتۆتە دەستو لەو کاتەوە فەرمانڕەوایی وڵاتەکە دەکات .بەڵام دەکرێ بیر لەبزوتنەوە ئسوولییەکانی وڵاتانی ئیسلامیی تریش بکەینەوە ,بەتایبەتیش لەمیسرو جەزائیر ,چونکە ئەمانەی ئەم وڵاتانەش هەوڵدەدەن هەروەك ئێران ئەو شتە دروست بکەن کە پێیدەوترێ دەوڵەتی ئیسلامی .هەروەها وەك خەڵکانی "ئسوولی"یش باس لەخۆیان ناکەن ,ئەگەرچی ئەمڕۆ ناوی "ئسوولیەت " بەعەرەبی لەناو زمانی سیاسیدا لەتەك چەند ناوێکی تردا بەکاردێ, دیارترینی ئەو ناوانە )موجاهدین(ە ,واتە ئەوانەی هانیاندەدەن پێیان دەڵێن )موجاهدین ,(ئەوانەشی هانیان نەدەن پێیان دەڵێن )پەڕگیرەکان-المتگرفون ( سەبارەت بەبزوتنەوە ئیسلامییەکان سیفەتی )ئسوولی (لەزمانی فەرەنسیدا (Integriste)رەچەڵەکێکی کاسۆلیکیانەی هەیەو ئێستەش بەو مانایە دێت کە هەر چالاکییەکی کۆمەڵایەتی بەپێی شەرع بکرێت .ناساندنی )ئیسلامی (لەزمانی ئینگلیزیدا (Islamist)ئیشارەتدانە بەپیادەکردنی ئیسلام بەسەر سیاسەتدا .هەردووکیشیان هێندەی یەك )بەلای کەمەوە (شیاون .بەڵام ئەگەر جەختی زۆرتر لەسەر جیهانی ئیسلامی بکەین ئەوا زاراوەی )ئسوولی (بەپیادەکردنێکی فراوانتر پیادەکراوە .چونکە لەمەیاندا ئەو ئاراستەیەش دەگرێتەوە کە باسەکەی لەڕەچەڵەکدا لەفەڵەییەوەو لەگەڵ ئەو خێڵە ئینجیلییە پرۆتستانتیانەدا هاتوە کە لەبیستەکاندا دەرکەوتون,و داوایان کردوە سەر لەنوێ بگەڕینەوە سەر خوێندنەوەی پیت بەپێتی کتێبی پیرۆز.

)ئسوولیەت(یش وەك هەر زاراوەیەکی تر ,دەکرێ لەبەشێکداو بۆ تێگەیشتن لەناوەڕۆکەکەی سەیری هاودژەکەی بکرێ .هاودژەکەی ئەویش لەم بارەدا )نویگەرێتی (فەڵەییە ,ئەو بەشەی تێگەیشتنەکەش پەیوەندیی بەخوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکانەوە هەیە .وەك لەئاینە یەکتاپەرستەکاندا ,لەناو ئاینی جولەکەدا ئێستە دوو ئاراستە لە ئارادان پۆلێن کردنەکەیان دیارو ئاسانە,و لەناو ئەو ئاراستە ئسوولیانەدان کە برێك پێکەوە گرێدانی نێوانی

پەیڕەوکردن لەدەق و لەبەرچاوگرتنی بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی‌یان تێدایە .دەکرێ ئەم شتەی ناو جولەکە لەگەڵ ئیسلام‌و فەلەییدا بەراورد بکرێ ,بەڵام بەتەواوی بەوان جووت نیە .روونترین شێوەی ئەم شتە لەناو حزبە راسترەوە ئاینییەکانی ئیسرائیلدا )لەناو حەرەدیمە Haredim جولەکە ئەرسەزۆکە پەڕگیرەکاندا (دەردەکەوێ )مانای حەرفیی حەرەدیم دەکاتە "پەیڕەوکار "واتە مولتەزیم (هەروەها لەناو پەڕگیرە ئاینییە سەردەم تازەترەکانیشدا دەردەکەوێ ,بەتایبەتیش لەناو )غۆش ئیمۆنیم(و چەندانی تریشدا :ئەمانە بەرێگای جیاواز جیاواز هەوڵدەدەن دەستەلاتی شەرعی جولەکەیی لەناو ئیسرائیلدا فراوان بکەن‌و دەوڵەتێك دروست بکەن کە پایەکانی بریتی بن لەدەقە شەرعییە پەیوەندیدارەکان ,واتە )هلاخا(کان .خۆ ئەگەر )ئسوولیەت (لەسەرچاوەکەیدا تا ئاستێکی فراوان بەرهەمێکی ئاینە یەکتاپەرستەکان بێ ,لەبەرئەوەی کە هیچ نەبێ ئەم ئاینانە روونترین بۆچوونیان لەسەر ئەو یاسا پیرۆزە هەیە کە پێویستە بگەڕێینەوە سەری ,ئەوا ئسوولیەت هەر تەنها پاوان نیە بۆ ئەم ئاینانە .ئەوەتا لەبیست ساڵی رابوردوودا لەهند ئسوولیەتێکی هیندۆسی دەرکەوتووە هەوڵدەدا )هیندۆتڤایەك (Hindotva یان دەوڵەتێکی هیندۆسی ,یان رامراجایەك ,Ramraja یان دەوڵەتێکی راساو لەسەر رێوڕەسمەکانی خواوەندی رام (دروست بکات .ئامانجی جاڕدراو لەمە زیندوکردنەوەی دەوڵەتە پیرۆزەکەی )بەهارات(ە کە دوژمنانی )بەهارات (لەدرێژایی چەندین سەدەدا پیسیان کردوە ئەو دوژمنانە موسڵمانان‌و جولەکەو سیخەکانن,و لەدوا پلەشدا تۆزێك بەریتانیەکان دەگرێتەوە (لەباسی ئسوولیەتدا وەك هەر زاراوەیەکی تری کۆمۆنیزم ,فاشیزم , تۆتالیتاری ,ناسیۆنالیستی ئێمە مامەڵە لەگەڵ تەنها یەك شتێکدا ناکەین ,چونکە ئەم بزوتنەوانە لەهەموو روویەکیانەوە لەیەك ناچن .لەراستیدا لەپشتی ئەو جیاوازییە لاهووتیانەوە کە هەریەکە لەمانە خۆیانی لەوانی دیکە پێ جیا دەکەنەوە ,لەناوەرۆك,و تێز,و ئامانجدا جیاوازیی گەورە لەنێوانیاندا هەیە .بۆ نمونە فەلەیی کەمتر لەجولەکە,و ئیسلام,و هیندۆسی قسەی هەیە لەسەر رەوشەکانی پاکوخاوێنی‌و خۆراکی خودی مرۆڤ ,بیکات . هەروەها پێشینەی شەرعەکەشیان جیاوازە ,چونکە تەورات‌و شەریعە شتی زیاتریان لەشەرعی کلێسا پێیە بیلێن . فەلەیی‌و ئیسلام چەند سەدەیەکی دەستەلاتی سیاسی‌و بگرە ئاوەلا کردنی ئیمپراتۆرییانەیان هەیە یادی بکەنەوە , لەکاتێکدا جولەکە هەرگیز سەرکەوتنێکی زەمەنیی لەو شێوەیەی نیە ,لەهەندێ تێزدا پیاوانی ئاینی رۆڵی سەرکردایەتی دەگێڕن ,ئەمە لەلای جولەکەو پرۆتستانت‌و ئیسلامی شیعەی ئێرانی راستە ,لەکاتێکدا سەرکردایەتیکردن تا ئاستێکی دوور نا ئاینییە ,بەڵکو سەرکردایەتیەکی سیاسی چۆتە پێشەوەو بوە بەپێشەنگ کە ئەو ئاین زیندوو دەکاتەوە ,وەك بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەباکوری ئەفریقیاو بزوتنەوە هیندۆسیەکان .ئەوەش شتێکی روونە کە هەموو بانگخوازانی ئەم بزوتنەوە ناقایل بوون لەسەرئەوەی کە گەڕانەوەی دانسقەی ئەمان ,گوایە بۆ سەر بەها "راستیەڤینەکان "بەراورد بکرێ لەگەڵ دەمارگیریی خەڵکانی تردا.

خەسڵەتی دووەمی پەیوەندیدار بەم گەڕانەوە ,وپەنابردنەوە بۆ )ئسووڵ (ئەو گوتەیە کە گوایە دەکرێ بونیادی دەوڵەتی تەواوی شیاو بۆ جیهانی هاچەرخ لە )ئسووڵ(دا دروست ببێ .ئسوولییە ئیسلامییەکان زۆر شت دەبەنەوە سەر شەریعەت ,سەرباری ئەو راستییە بەرچاوەش کە شەریعەت لەمانا ناسراوەکەیداو لەو ئامۆژگارییە شەرعییانەدا کە لەقورئاندا هەیە ,لەکۆی (6000)ئایەتەکەی قورئان نزیکەی (80)ئایەت پتر پێك ناهێنێ .هەرچەند بابەتێکی شەرعڕێژی هەن کە ئەو زاراوەیە لەگەڵیاندا شیاوبێ ,کە مەبەستە حەرفیەکەی لەدەستەواژەی )الصراگ المستقیم-رێگای راست‌و دروست(دا دێت‌و ئەمەش هەرچەند جارێك ناوی هاتوە .خەسڵەتی سێیەمی هاوبەشی ئەم بزوتنەوانە ئەوەیە سەرباری هەموو جیاوازییەکانی جیهانە دیارەکەیان بەپلەی یەکەم هەوڵ بۆ یەك شت دەدەن کە ئەویش دەستەلاتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتییە .لەباری جولەکەدا ئەوە روون نیە کە جولەکە حەرەدیمەکان خەون

بەوەوە دەبینن دەستەڵاتی راستەوخۆی خۆیان بسەر دەوڵەتدا بسەپێنن :بەڵام لەمیانەی بەشداریەکەیانەوە لەگۆڕەپانی سیاسیدا,و لەمیانەی بەکارهێنانی سیستمی نوێنەرایەتیی رێژەییەوە,و حزبایەتیو چالاکیی ترەوە هەوڵدەدەن قەڵەمڕەوی دەستەڵاتی حاخامی )ڕەبانی (بەسەر لایەکی فراوانی کۆمەڵگەدا بڵاوبکەنەوە ,هەروەك ئەوەی کە )غۆشەکانی ئیمۆنیم (هەوڵدەدەن هەڵوێستیان لەڕەوشە بنچینەییە دیاریکراوەکان هەبێ ,کە دیارترینی رەوشو کێشەی زەوییە .بەڵام ئەم بانگەشەیە لەلای سێ ئاینەکەی تر فەڵە ,ئیسلام ,هیندۆسی-زۆر روونترە ,لای ئەمان ئەو بزوتنەوانەی هی رێنوێنی,و هەڵبژاردن بێت ,یان بەهێز ,یان بەڕاپەڕین بێت دەستەڵات بگرنە دەستو دەوڵەتی خوازراو دروست بکەن .بەم مانایە )ئسوولیەت (ئامرازێکە بۆ گەیشتن بەدەستەڵاتی سیاسیو پارێزگاری کردن لەو دەستەڵاتە پاش گەیشتن پێی :لەبەر ئەم هۆیە ,پێش هەر هۆیەکی تر مەسەلەکە هەموان دەگرێتەوە.

لێنەبووردن ...خەسڵەتێکی هاوبەشە

ئەم باسە بەرەو ئەو دوا رەهەندەم دەبات کە ئەم بزوتنەوانە تێیدا هاوبەشن ,ئەویش لێنەبووردنەکەیانە,و دواتریش ئەو مۆرکەیانە کەنەیاری دیموکراسیە .ئەگەرچی ئەمانە بەناوی گەلەوە قسە دەکەن,و هەوڵدەدەن ئامانجەکانیان بەئامرازە دیموکراسییەکان بهێننەدی ,خۆیان بەئایدۆلۆژیاکەیانەوەو بەرێکخراوەکانیانەوە کۆمەڵێك گروپی سیاسیی دەستەڵاتخوازن,و دەکرێ دیکتاتۆریش بن .ئەمانە لەنگەرە بنچینەییەکانی سیاسەتی دیموکراسی رەتدەکەنەوە بە )لێبوردن,و مافە تاکە کەسیەکانیشەوە (باس لەبوونی مەرجەعیەتێك دەکەن کە لەگەلەوە هەڵنەهێنجراوە .بەڵکو لەو ئیرادەیەی خواوە هەڵهێنجراوە کە لەکتێبی پیرۆزدا رەسەن بۆتەوەو رەگی داکوتاوە,و کەسانێك ئەو مەرجەعیەتو ئیرادەیە راڤە دەکەن کە خۆیانیان کردوە بەسەرکردە ,هەر لەپیاوانن ,پیاوی ئاینیین , یان خەڵکانی ترن ,ئەمانە هەموویان وەك بەشێکی گرنگی ئایدۆلۆژیاکەیان دژایەتیکردنێکی شاردراوەیان بۆئەوانە هەیە کە سەر بەئاینەکەیان نین .ئەوەی هەندێکیش لەوە گرنگتربێ ئەوەیە ئەمانە دژایەتیی ئەو هاوئاینانەی خۆشیان دەکەن کە لەگەڵ ئاراستە تایبەتیەکەی ئەواندا نین.

هەموو ئەمان دڵخۆشن بەوەی حوکم بەسەر ئێمەی )ئەوانیتری کافر) (نوسەر مەبەستی لەخۆیو ئانەکەیەتی کە فەڵەیەکی ئێرلەندییە-و.ك(-دا بدەن کە هەتا هەتایە لەئەشکەنجەیەکی ئازاردەردا بژین.لەئاستی ئەو رێگایەدا کە لەسەدەی بیستدا ناسنامەی ئاینیی هاوتەریبی تێژی ئەتینی کردوە ,بزوتنەوە ئسوولیەکان لەبۆتەی ئایدۆلۆژیاکانیاندا راو بۆچوونی رەگەزپەرستییان هەڵگرتووە ,موسڵمانو فەڵەکان لەدژی )جولەکە(و جولەکەش لەدژی )عەرەب(و هندۆسەکانیش لەدژی )موسڵمانەکان (لەو کۆمەڵگایانەدا کە بانگەشەی )ئسوولی (دەکەن جێگەیەك بۆ ئەو کەسانە نامێنێتەوە کە دان بەو بۆچونانەدا نانێن ,بەڵام ئەو جێگەیە ئەگەر هەبێ تەمومژاوییەو لەباشترین باریدا ملکەچانەیە .بەڵام فەرزکردنی ئەو مومارەسەکۆمەڵایەتیانەی کە ئوسوولیەکان دەیانەوێ بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا کە لەو کۆمەڵگەیەدا گوزەران دەکەن بەکارێکی رەوا دادەنرێ .سەرباری ئەوەی کە زۆرجار بونی لێبوردن پیشان دەدەنو دەنوێنن ,زۆرجار دژایەتیو دوژمنکاریی ئەو کەسانەی تێدایە کە لەخۆیان جیاوان-وەك رکە بەرایەتیکردنی ئسوولییە فەڵەکان بۆ هاووڵاتییە عیلمانییەکانیان ,یان هەڵمەتی کوێرانەی ئیسلامییەکان لەدژی گەندەڵیی رۆژئاواو "پلانەکانی "جولەکەو جاهیلییەتی جیهانی هاوچەرخ ,یان هێرشەکانی ئێستەی هندۆسە ئسوولیەکان بۆ سەر موسڵمانەکانی هند کە وەك ناپاكو کۆچەری ناشەرعیو داگیرکەری مێژوویی خاکی بەهاراتو شتی تر سەیریان دەکەن ,یان دژایەتیکردنی جولەکە ئسوولیەکان بۆ جولەکە عیلمانیەکانو فەڵەو

عەرەبو خەڵكی تر .هەموو ئەم بزوتنەوانە هەڵمەتی گەورەی راگەیاندنو پڕو پاگەندە لەدژی پلانو كاری دوژمنكارانەی دوژمنەكانیان دەكەن,و خۆیان وەك قوربانی پیشاندەدەن .بەڵام زۆربەی جارو لەهەموو ئەمانەدا تۆمەتباركردنێكی زۆر لەئارادایە .بۆ نمونە ئێستە جیهانی رۆژئاوایی فەلەییو پۆست فەلەیی زۆر قسە لەسەر رادەی دوژمنایەتیی )ئیسلام (دەكات ,كەچۆن ئیسلام هەڕەشە لەڕۆژئاوا دەكات .بەڵام ساكارترین لێكۆڵینەوەی سەرەتایی لەمێژووی جیهان لەماوەی ئەم سێ سەدەیەی رابوردودا پیشانیدەدات كە ئەم شتە پێچەوانەكەی راستە .زۆر ناوچەی جیهانیش نمونەی ئەم باسەن .لەبۆسنیادا ئەوانە ئەرسەزۆركسە سربیەكانو كاسۆلیكە كرواتەكان بون كە دەستیی باڵایان لەژاراویكردنی پەیوەندیی نێوان هۆزەكاندا هەبوە .بەڵام ئیسلامیستەكانیش بەشی خۆیان بەرپرسیارییان دەكەوێتە ئەستۆ .گوتاری ئیسلامیستانەی دژی جولەكە زۆربەیجار گوتارێكی رەگەزپەرستانەیە . .موسڵمانەكان لەم دواییانەداو لەوەڵامدانەوەیاندا بەڕۆمانی )الآیات الشیگانیە (لەسەر مەسەلەی كفر زۆر رۆچون ,بەڵام پێموابی دەبو هەموو ئەوانەی گرنگی بەم مەسەلەیە دەدەن ,وردتر لەقورئان بكۆڵنەوە ,چونكە قورئان پێماندەڵێ )مەسیح (كوڕی خوا نەبوەو لەخاچیش نەدراوە,و لەناو مردوەكانەوە هەڵنەساوەتەوە هەموو ئەم وتانەش لەجیهانی فەلەییدا بەتەقلیدی بەشێوەگەلێكی كفركردن دادەنرێن .لەهندیش لەتۆڵەی ئەو كارانەدا موسڵمانەكان دەرهەق بەهندیەكان كردیان شۆڤێنستە هندۆسەكان گوتاری نەبوراوی تایبەت بەخۆیانیان داڕشت .ئەوان دەڵێن )مسولمان كی دو-هی شتان ,پاكستان ئۆر قەبرستان (واتە )موسڵمانەكان تەنها دوو شوێنیان هەیە ,یان پاكستان ,یان گۆڕستان (ئەم بانگەشەیەی دەركردنی موسڵمانەكان بۆ پاكستان گونجاوە لەگەڵ ئەو داوا شەڕخوازیەی هندۆسەكان كە دەڵێن پاكستان هەڵوەشێتەوەو بلكێنرێتەوە بەهندەوە .هەروەها ئەو خواستەی هندۆسەكان جەستە دێنێتە لەرزە كەدەڵێ موسڵمانەكان تەواو ئازادن لەوەی لەدەوڵەتەكەیاندا بژین ,بەو مەرجەی مۆركە كلتوریەكەی بەهارات )هند ,(واتە مۆركە ئاینییە هندۆسیەكەی,و سیستمە سیاسیەكەی پەسەند بكەن .هەر ئسوولیەتێك ئەویتر واتاوانبار دەكات كە دەمارگیرە ,و رەنگە بەتیرۆریش تاوانباری بكات :هەموو ئەوانەی تا ئێستاو لەرابوردووداو لەسەردەمە نوێكانیشدا نمونەی روونیان لەسەر ئەوە پێشكەشكردووە.

راڤەكردنە ئەڵتەرناتیڤییەكان:

راڤەكردنی دەقیو راڤەكردنی مەرجدار

ئەگەر ئێستە بتوانین بگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی راڤەكردن ,ئەوا لەناو زاراوە گشتیەكاندا دوو لێك نزیككردنەوەی گونجاو هەن ,ئەو دووانە من ناویان لێدەنێم لێك نزیككردنەوەی دەقیو نزیككردنەوەی مەرجدار .مەبەستم لەدەقییەكان ئەو كەسانەیە كە بەپێی پەیوەندییان بەدەقە پیرۆزەكانەوەو بەپێی ئەو بەهانە هێنانەوە ئاینیانەی كە هەر بزوتنەوەیەك لەبزوتنەوە ئاینیەكان دەیكەن ,دەڕواننە )ئسوولیەت .(دەكرێ نزیككردنەوەی لەمشێوەیە لەلاهوتدا ببینرێ ,بەڵام لەو سیمینارانەی سۆسیۆلۆژیاشدا دەردەكەون كە باس لەبیرو باوەڕە ئاینیەكانو كاریگەریی یەكلاكەرەوەی ئەم بیرو باوەڕانە لەسەر رەوشتی كۆمەڵایەتیو سیاسی دەكەن) .ماكس ڤێیبەر (لەنێوان تایبەتمەندانی تری بواری سۆسیۆلۆژیادا زۆر شتی هەبوە لەم بارەوە بیڵێت .بەمشێوەیە لێكۆڵینەوە لەم بزوتنەوانە لەڕێگای زاراوەكانی كاریگەریی بۆ نموونە )فیقهی ئیسلامی ,یان كاریگەریی تیڕوانینی ئیسلامیانە بۆ جیهان ,یان بۆ ئاكاری پرۆتستانتی ,یان تەقلیدی جولەكە ,یان هندۆسی(یەوە ,مانای وایە دەبێ ئەم لێك نزیككردنەوەیە لەبەرچاو بگیرێ .لەم نزیككردنەوەیەدا ئسوولیەت بەگەڕانەوەیەك دادەنرێ ,زیندوكردنەوەی شتێكە كە بەفیعلی ئامادەیە ,

لەگەڵ شیکردنەوەی ئەم گەڕانەوەیەدا سەر لەنوێ گرنگی بەدەقە پیرۆزەکان دەدرێتەوە ,ئەمەش زۆرجار بەهۆی بونی ترسێکەوە لەکەوتنەداوی گەندەڵییەوە ,یان لەترسی نوێبوونەوە لەناو گروپی ئاینی پەیوەندیداردا ,ئەم لێك نزیککردنەوە دەڤیەی ئسوولێەت لەزۆر لایەوە لەگەڵ لێك نزیککردنەوەی تەقلیدی )یان-هەمیشەیی (نەزعەی نەتەوەییدا تەریب دەبێ -:لەهەردووکیاندا واسەیری :هزر ,باوەڕ ,رابوردوو دەکرێ کە ئەمانە لەبنچینەوە )ئێستا(مان بۆ دەستنیشان دەکەن .بێگومان ئا ئەمە راڤەکردنی خودی ئسوولێیەکانە کە هەمویان دەڵێن گوایە دەگەڕێنەوە سەر راڤەکردنێکی )دروست(و بۆ رابوردوویەکی )رەنگە ئاساری بێ کە هەمیشە لەوێ لەشوێنی خۆیدا چاوەڕوانی ئاشکرا کردنو دۆزینەوەیە .هەروەها ئەمە دەگات بەوەی کە ئسوولێەت هەر تەنها تایبەت نیە بەجیهانی هاوچەرخەوە ,بەڵکو سەرباری ئەو سەردەمە رابوردو ,و بیرو باوەڕە مەرجەعییانەی کە ئسوولێیەکان زیندوی دەکەنەوە ,لەدرێژایی مێژووی ئاینە گەورەکاندا زۆر بزوتنەوەی گەڕانەوە بۆ دەقەکان دەرکەوتون بۆ نمونە وەهابیەکان لەئیسلامدا,و میتۆدییەکانیش لەفەڵەییدا دەرکەوتون -ئەو نزیککردنەوە ئەڵتەرناتیڤەی کە ناوم لێناوە نزیککردنەوەی )مەرجدار (جەخت لەسەر مۆدێرنیو مەرجدارێی ئەم بزوتنەوانە دەکات .ئەم نزیککردنەوەیە هەر لەسەرتاوە سەرنج دەخاتە سەر هۆکارە هاوچەرخەکانی سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوانە ,کە ئەگەرچی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترو لەئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر بگۆڕێن ,ئەمانە هەر بەشێکن لەسیماکانی جیهانی هاوچەرخ .بەمشێوەیە,و وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بەشکستەکانی دەوڵەتی عیلمانیی مۆدێرنکاری کە تووشی گەندەڵی هاتووە گەندەڵ بوە,و لاوازە لەچارەسەرکردنی گرفتە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکاندا,و زۆرجاریش دیکتاتۆرییە )ئسوولێیەکان (لەزۆری وڵاتە نامییەکاندا دەردەکەون .ئەم شتە چەند بۆ بەرەی رزگاریی نیشتمانییجەزائیری ,یان بۆ حزبی کۆنگرەی هند راستە ,ئەوەندەش بۆ ئێرانی شا ڕاستە .هەر بەهەمان برِ ئەم بزوتنەوانە کاردانەوەن بەرامبەر بەچەند کێشەیەکی زۆر راستەقینە کە رووبەڕووی ئەم وڵاتانە دەبنەوە .وەك کێشەی بەمەدەنیکردنی جەماوەر ,بێکاریو هەستکردن بەبەردەوامیی باڵادەستیی بێگانە بەسەر ئەم کۆمەڵگایانەدا .چونکە زۆری ئەم بزوتنەوانە لەوڵاتانێکدا دەردەکەون کە لەژێر باڵادەستیی بێگانەدا ناڵاندویانە ,یان هێشتا دەناڵێنن .هەروەها رەنگە چەند رەگەزێکی خەڵکانی نەتەوەییو نەیارانی ئیمپریالیستیی لەشێوەکانی جیهانی هاوچەرخ تێدابێ .ئەمانە چارەسەری ساکارو رواڵەت روون بۆ گرفتەکانی جیهانی هاوچەرخ پێشکەش دەکەن ,هەر لەسەر ئەو تێزەی ئەوان ,تێزەکانی تری مۆدێرنەی :دەوڵەت-نەتەوە ,دەزگای دەوڵەتیی نوێکەرەوە,و ئەو خواستە کۆمەڵایەتیو یاساییانە دەردەکەون کە ئەم دەوڵەتە بۆ هاوڵاتیانی خۆیی پێشنیار دەکات .لەهەندێکی بارەکانیشدا ئسوولێەت بەو توێژە کۆمەڵایەتییانەوە دەبەسترێ کە گلۆڵەیان لەلێژییە ,لەهەندێکی تردا بەو جەماوەرە شارییەوە کە تازە گەلاڵە دەبن ,یان لەبارەکەی ئەفغانستانی پاش (1978)دا دەبەسترێتەوە بەو خەڵکە لادێیانەوە کە لەبەر هەڕەشەدانو کاردانەوەیان بەرامبەر بەخواستە هەمیشە روو لەزۆر بونەکەی دەوڵەتی ناوەند گرتوە دەبێ .لەئیسرائیلیشدا ئەگەرچی هەندێك خەڵك گومانیان لەوە هەیە پێش دەرکەوتنی )فریاد رەسی چاوەڕوانکراو (دەوڵەتی جولەکە دروست ببێ ,ئسوولێەتی ئەوێ هەڵمەتێکی تیدایە بۆ دەستنیشان کردنی چەند سیاسەتێکی دیاریکراو لە سیاسەتەکانی ئەو دەوڵەتە ,و بۆ گەلاڵەکردنی مۆرکی ئەو دانیشتوانە کۆچەرانەی ئەوێ کە تازە پێکدێن .هەر ئەم مۆدێرنەیە بەزمانو ئایدۆلۆژیای ئسوولێەکانەوە دەردەکەوێ .سەرباری بونی ئەو هەموو رابوردوخوازیی هێما تەقلیدیانەی کە تێیدایە ,دەکرێ وەك شێوەیەك لەشێوەکانی ئایدۆلۆژیای هاوچەرخ سەیری زمانو سیاسەتەکانی ئسوولێەت بکرێ ,ئەو ئایدۆلۆژیانە کۆمەڵە بابەتێکی تەقلیدی یان کلاسیکی بۆ کۆمەڵە مەبەستێکی هاوچەرخ بەکاردەهێنێ ,کە مەبەستەکانی لەئایدۆلۆژیا هاوچەرخەکانەوە خواستوەو هەڵبژاردون .لێرەوەیە من ئەم لێك نزیککردنەوەیەم ناو ناوە

نزیككردنەوەیەكی )مەرجدار .(چونكە وەزیفە گشتیەكانی ئایدۆلۆژیا سیاسیەكان كۆمەڵە ئایدۆلۆژیایەكی تا ئاستێكی باش ناسراون -:بونیادنانی ناسنامەیە" ,ئێمە "كێین؟ چ گەل ,یان گروپێكین؟ ,هەروەها لەهەمان ئاستی گرنگیدا پرسی ئەوەی "ئێمە "كێ نین؟ پێشكەشكردنی مێژوویەكی شەرعرێژكراو كە سەروەریی زۆری پاڵەوانێتیو كردەوەی جەورو ستەمی تێدا بێ ,كۆمەڵە ئاكارێكی بۆ خەباتو زۆرجاریش بۆ قوربانیدان تێدابێ ,بەرنامەیەكیش بۆ مۆدێرنەكردنو وەرگرتنی دەستەڵات وەك دوا قۆناغیش دەبێ نمونەیەكی بۆ بونیادنانی كۆمەڵگەیەكی نوێ تێدابێ ,لەو كۆمەڵگەیەدا یەك دەزگا لەو پرەنسیپانە هەبن كە شەرعیەتی )دەستەڵات نەخواستن (بەسەر ئەو كەسانەدا بدات كە دەیانەوێ تەحەدای سیستمی نوێ بكەن .لەسەدەی رابوردو,و نزیكی ئەو سەدەیەدا زۆر باری ئەوەمان بینی —وەك لیبرالیزم ,فاشیزم ,كۆمۆنیزم ,بەدەمامكە جۆراوجۆرەكانیانەوە .بەڵام رەنگە شیاوترین لێك نزیككردنەوە ,وەك ئەوەی ژمارەیەك نوسەرو لەنێوانیشیاندا )سامی زوبەیدە,و ئەرفەندی ئیبراهیمیان (ئیشارەتیان پێداوە لێك نزیككردنەوەی )تۆتالیتێریانە (بێت ,ئەمە ئایدۆلۆژیایەكی فراوانە ,سەروی چینەكانە , )چاكە-فچیلە(ی گەلو گەندەڵیی نەختینەیی‌و ئاكاریی ستەمكاران دەسەلمێنن .هەر لەهەمان ئاستی گرنگییە سەنتەرییەكەی تۆتالیتێریانەدا شێوەیەك لەشێوەكانی ناسیۆنالیستیو دژایەتیكردنی بێگانە هەن بەرێگای جیاواز دەستنیشان كراون,و پەیوەندییەكیان بەتیۆرەكانی پلانگێرییەوە هەیە .كۆمەڵگەی عیلمانیی نوێ ,بەتایبەتیش ئایدۆلۆژیا پێكهێنەرە )لیبرالیەكەی (دەكەوێتە بەر رەخنەی تایبەتی .هەموو ئەمەو پتریش لەئایدۆلۆژیا ئسوولییەكاندا دەدۆزرێتەوە .نموونەكانی ئەم ئایدۆلۆژیایانە بەتایبەتیش لەشێوازە ئیسلامیو هیندۆسیەكەیاندا لەپێناوی دەست بەسەردا گرتنی دەستەڵاتی سیاسیو دەست پێوەگرتنیدا بەرنامەی سازدانی كۆمەكی سیاسی پێكدێنن .لەباری جولەكەو فەلەشدا كەمتر پێ لەسەر مەسەلەی باڵادەستیی بێگانە دادەگیرێ,و ئەمان پتر جەخت لەسەر پێویستیی قەڵاچۆكردنی خەڵكە عیلمانییە مەترسیدارو گەندەڵی ناو كۆمەڵگاكانی خۆیان دەكەن .بەڵام لەم دوو ئاراستەیەدا رەگەزێكی نەتەوەیی زۆر بەهێزیش هەیە -:بزوتنەوە فەلەییو جولەكەكان بەنیشتمانیترینو سەرسەختترین رەگەزی ناو كۆمەڵگاكانیان دادەنرێن ,لایەنگرانی ئەمانە ,ئەوانەی كە دروستیی ئاینی بەكاردەهێنن لەتوندترین خوازیارەكانی زاڵبونی نەتەوەیی,و بەكارهێنانی هێز,و تێكشكاندنی دوژمنەكانیانن .ئەوەش هەر لەخۆڕا نەبوو ,كە زۆری ئەو نوسەرە ئەمریكیانەی كە لەسەروەختی شەڕی ساردا بیریان لەرووبەڕوو بوونەوەی ئەتۆمی دەكردەوەو پەنایان بردەوە بۆ بیرۆكەی )هەرمەجدۆن (كە لەلایەن ئاینەوە هاندراوە.

بیرۆكەیەكی نوێ ,یان تێزێكی نوێ نیە هێندەی گەلو نەتەوە كاریگەر بێ .ئەو شتەی كە لەرواڵەتدا تەماهییەكی ئایینیە ,خۆی لەزۆر باردا تەماهییەكی ئەتنییە ,بەبیرۆكەو پەرستیاری,و بەرگو ناسنامەوە سازدانێكە بۆ ئاین لەتێزێكی ململانەی نەتەوەییدا .ئەمە چەند بۆ هندۆسەكانی هند راستە ,ئەوەندەش بۆ موسڵمانەكانی فەلەستینو بۆسنیا راستە .بەڵام تێزە نەتەوەییەكە ,ئاینیەكە دیاردەكاتو سازە دەدات ,نەك بەپێچەوانەوە ...لەڕاستیدا ئەوەی لەبیستەكانو پاشتریشدا لەگەڵ دامەزراندنی حزبی )راشتریا ساوایامسێڤاك سانگ (Rss. Rashtriya Sawayamsevak Sangh)دا بینیمان بەرنامەڕێژكردنێكە لەسەر بنەمای بیرۆكە ئەوروپییەكانی بواری ناسیۆنالیستی ,بەرنامەیان لەپێناوی بونیادنانی گەلێكی هندۆسیدا داڕشتوە كە رەگەزو كلتوری ئاری بنو رەچەڵەكیان سەنسكریتی بێتو بەهارات لەگەندەڵیی چاخەكان پاك بكەنەوە.

باری ئێران

لەم خاڵەدا حەزدەکەم لەگفتوگۆکردنی بەراوردکردنی گشتیی ئسووڵیەتەکان دەربچم ,بۆ ئەوەی ووردتر سەیری باری ئێران بکەم .کە دیارترین باری بزوتنەوەی ئسووڵییە ,ئەو وڵاتەی کە لەساڵی (1979)وە بزوتنەوەیەکی ئسووڵی جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتۆتەدەست ,هودنەکردنیش نازانێ .من پێش شۆڕشو پاش شۆڕشیش لەئێران بوم ,زۆری سەرکردەکانیم بینی .ئەو کاتە لەناو شەقامەکانی تاراندا بومو بینیم هەزاران کەس دەڕۆیشتنو هاواریان دەکرد )مەرگ بەر لیبرالیزم-واتە مردن بۆ لیبرالیزم .(دیمەنەکە جوان نەبوو ,چونکە لەناو ئەو شتانەدا کە ئەوان هاواریان لەدژ دەکرد منیشی تێدا بووم.

پێویست ناکات لەکایەی ئەو تەقلیدەوە کە لەفەرەنسای ساڵی (1789)ەوە دەستی پێکردوە,و بەبەراورد لەگەڵ شۆڕشەکانی تردا درێژە بەباسی رەسەنایەتیی ئەم شۆڕشە بدەین ,چونکە ئەوەی ئێران هەر شۆڕشێك نەبوە کە سەرکردایەتییێکی ئاینی دروستی کردبێ,و هەر بانگەشە بۆ گەڕانەوە بۆ شێوەیەکی فەرمانڕەوایی بکات کە لەسەدەی حەوتەمدا کاری پێکراوە .بەڵکو لەزۆر لاوە واهاتۆتە پێشچاو ,کە هەموو ئەو گریمانانە رەتدەکاتەوە کە لەپاش (1789)ەوە پێگەی دەستپێکردنی شۆڕشەکان بوون .ئەو شۆڕشە هەموو بەرەو پێشچوونێکی مادیی رەتکردۆتەوە . خومەینی جارێك وتویەتی )ئابوری کاری کەرانە.(

بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین مەسەلەکان تەواو بەمشێوەیە نین ,چونکە هۆکارەکانی شۆڕشی ئێرانی زۆر شتی تێدایە ,بڕێکی مۆرکی عیلمانیانەی هەیەو بگرە بڕێکیش ماتریالیستیانەیە,و هەمووشیان بونەتە هۆی شکستی رژێمی شا :لەو هۆیانەدا ,تەقینەوەی رەوشی شارەکان ,بێزارییەکی گشتیو گەندەڵییەکی بڵاو ,هەڵایسانێکی سەخت , ملنەدانی رژێمەکە بەلێبوردن بەشێوە شەرعییەکانی بێزاریی سیاسی ,سەرکوتکردنی پێشڕەوتی هێزە عیلمانیە جەماوەرییەکان بەنەتەوەییو کۆمۆنیستەکانەوە کە لەدەیەی دووەمی پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە پێشەنگی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران بووە,و سەرکەوتنی خومەینی لەڕێبەرایەتیکردنو رێکخستنی بزوتنەوەیەکی سیاسیی جەماوەریی کۆبۆوە لەدەوری کۆمەڵە ئامانجێکی ساکارو خاوەن جەماوەریی فراوان –وەك روخاندنی شا,و کۆتاییهێنان بەنفوزی رۆژئاواییو بەتایبەتیش ئەمریکی لەوڵاتەکەدا .سەرباری هەموو ئەو شتانەش کە واپیشاندەدن ئێران بۆ رابوردووگەڕانەوەیەکی بەخۆوە بینیوە,و شۆڕشەکەشی شۆڕشێکی تەقلیدی بوە ,ئەو شۆڕشە لەهەندێ روویەوە شۆڕشێکی مۆدێرن بوە,و بەڵکە رەنگە مۆدێرنترین شۆڕشی ناو هەر وڵاتێك بوبێ .چونکە ئەوە شۆڕشێکە نەك هەر لەناوەندی جوتیاراندا دروست بوە ,بەڵکو لەناو هەژارانی شارەکانو چینە ناوەندییەکانیشدا بووەو ,هەر ئەوە نەبوە ئامانجەکانی لەپلەیەکی سەرەکیدا بەتوندو تیژی هێنابێتەدی بەڵکو ئامرازی سیاسیانەشی بەکارهێناوە وەك نارەزاییدەربڕینی جەماوەریو مانگرتنی سیاسیی گشتی ,دووفاقیی سەیر لەشۆڕشی ئێرانیدا ئەوەیە لەیەك کاتدا تەقلیدی ترینو مۆدێرنترینی نێوان شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکانە ,ئەم سیستمە مادیو مۆدێرنەی لەئایدۆلۆژیای خودی رژێمەکەشدا ئامادەیی هەیە .ئەگەر مرۆڤ بڕوانێتە زمانو سیاسەتەکەی خومەینی هەمووی وەك شتی ئاشناو ئاسایی دیارە ,بەتایبەتیش لەڕۆشنایی بزوتنەوە تۆتالیتارییەکانی جیهانی سێیەمی پاش شەڕدا . ئەوەتا گروپە سەرەکییەکانی چەمکەکانی خومەینیی لەسەر )موستەزعەفین(و )موستەکبەرین (هەروەك دووانەی )گەل /دەستەبژێر(ەکانی لای تۆتالیتێرییەکانی تر وایە .کۆمەڵێك زاراوەی تۆتالیتێریش هەن کە بۆ دژایەتیکردنی دەستەبژێران بەکەڵك دێن ,لەلای خومەینییش دووبارە دەبنەوە ,وەك گەندەڵی ,کرێگرتەیی بێگانە ,سووکبون , مشەخۆری ,دروشمە سیاسیە سەرەکییەکانی لای خومەینیش وەك –کۆماری ئیسلامی ,شۆڕش ,سەربەخۆیی , ئابوریی خۆژێن ,هەر هەمان ئامانجە ئاشناکانی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوون.

ئەو کارەی خومەینیی کە ئیمپریالیزمی ناو ناوە )ئیستیکباری جیهانیی (ناولێنانێکە دەکرێ یەکسەر لەهەموو

جیهاندا بناسرێتەوە,و ئەمەش وەسفێکی خراپ نیە لەم بوارەدا .ئەمجا کەوتە ئیدانە کردنی دوژمنانیو وا وەسفی دەکردن ئەوانە )لیبرالیانی (سەر بە )کۆمۆنستانن .(دەکرێ وا دابنرێ کە ئەم )خوازە(یانە ملکەچی تێڕوانینو دیدگایەکی لاهوتیی سەر بە جیهانێکی ترن ,بەلام لەڕاستیدا ئەو شتانەی کە خومەینی لەپاش دەستەلات گرتنەدەست وتوونیو کردوونی ,ئەگەر گوزارە لەشتێك بکەن ئەوە لەڕاستیدا گوزارە لەگرنگیو پێشەنگیی )سیاسەتی ریالیستی (Real Politicدەکەن .

بەمشێوەیە ئەو خومەینییەی کە بەئیدانەکردنی نیشتمانو ناسنامەی ئێرانی دەستی پێکرد ,کە لەساڵی (1980)دا داگیرکارییەکەی عێراق دەستی پێکرد ,ئەویش کەوتە ئەوەی ئێرانو چەمکی "نیشتمانی دایکی " زیندوکردەوە .ئەوەی زۆر گرنگ بێت بۆ سەرنجلێدان ئەوەبوو کە لەدوا مانگەکانی تەمەنیدا پرەنسیپێکی نوێی لەپرەنسیپەکانی رەوشتی سیاسی پێشنیارکرد ,ئەو پرەنسیپە لەسەر پێشەنگیی )بەرژەوەندی (رادەوەستێ .بەپێی ئەم پرەنسیپە ئەوەی گرنگ بێت بەرژوەندیی گەلو دەوڵەتە ,نەك فەرزە فۆڕمییەکانی ئاین .لەکاتی بوونی ناکۆکی نێوان هەردووکیشیاندا بەرژوەندیەکانی دەوڵەت سەردەکەوتن بەسەر ئەرکە ئاینیە بنچینەییەکانی وەك )نوێژیشدا .(ئیتر ناکرێ تێزێکی روونتر لەم تێزە هەبێو پێشکەش بکرێ لەسەر بوونی پرەنسیپی عیلمانیانەی )بەهانەی بوون.(

وەلامو پرسیار

ئەم گفتوگۆیە هەوڵیداوە )تا ئێستا (بلاوبوونەوەی ئسوولیەت شیبکاتەوە,و هەندێ هۆکارو سیفەتی هاوبەشی ئەم دیاردەیە پێشنیار بکات.و هەڵەدەبێ گەر زیادەڕەوی لەگرنگیی ئەم بزوتنەوانەدا بکەین ,زۆربەی ولاتە موسڵمانەکان لەبەر مەترسیی هەمیشەیی پەلاماری ئسوولیەکاندا نین,و شەپۆلی ئسوولیەتی فەلەییش مێژوویەکی پچڕپچڕی هەبوە ,لەولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاداو لەماوەی نێوان دوو جەنگەکەدا ئەو ئسوولیە سەبارەت بەکێشەیەکی گەورە شکستی پێهێنرا ,ئەویش کێشەی یاساغ کردنی )مەی (بوو .کاریگەریی راستەقینەی ئەو شتەی کە پێیدەوترێ )زۆرینەی ئاکاری-الغلبیه الاخلاقیه (لە ولاتە یەکگرتووەکانداو لەهەشتاکاندا کەمتر بوو لەوەی کە زۆر کەس لێیدەترسان .ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك ,لەنێوانی ئەو هۆیانەدا ئەوەبوو سەرکردە سیاسیە هەڵبژێردراوەکەیان ,کابرای هەشتا ساڵە ,ئەوەی کە دووجار ژنی هێنا بوو ,سەردانی کڵێساش ناکات )رۆناڵد ریگان ( لەسنووری بەرژەوەندیی )هەڵبژاردنەکە (بەولاوە هیچ گرنگییەکی بەکێشەکانی نەدا ,ئەمجا کەوتە ئەوەی ئاشتی لەگەڵ شورەویی دوژمنی فەلەییدا بکات .لەئەوروپای رۆژهەلاتیشدا ئەو بزوتنەوەی ناڕەزایی دەربڕینە کە زۆر لەژێر کاریگەریی ئایندا بو) ,سەندیکای هاریکاری (ئەگەرچی بەپێی ئەو پێوەرانەش لێرەدا دیاریکراون بزوتنەوەیەکی ئسوولی نەبو ,ئەوەندە نەگەشت بەدەستەلات ,هەر هێندە نەبێ کە لەدەستیاندایەوەو جارێکی تر دایانەوە دەستی کۆمۆنستە بەرژەوەند چیەکان,و هێندەش کە بینیی یاساڕێژییەکەی لەسەر )منالبون (لەلایەن دانیشتوانەوە گوێی پێنادرێ .بەلام لەوانەیە هەندێکی ئەمانە بزوتنەوە گەلێك بن کە بەپێی قەیرانی ئەو ولاتانەی تیایاندا دەردەکەونو بەپێی ئیرادەی خۆیان ,ماوەیەکی زۆر لەگەڵماندا بن.

لەئێرانو لەسوداندا جلەوی دەستەلاتداری بەدەست ئسوولیەکانەوەیە ,لەجەزائیریشدا تەواو شیاوە کە بچنە دەستەلاتەو ,دەکرێ لەمیسریش ئەوە بکەن .بەدڵنیاییەوە دەکرێ لەئیسرائیلیشدا ئسوولیەت کاریگەرییەکی دزێو پیادە بکات .لەکۆمەلگا رۆژئاواییەکانیشدا ,هێشتا ئسوولیەت بەهێزترین پایەکانی خۆیی لەناو ولاتە یەکگرتووەکاندا

ماوەتەوە .ئەوەتا دەڵێ لەوێو لەڤەواڵە ئینجیلییە )پرۆتستانتیەکەیدا (لایەنگریی نزیکەی چل ملیۆن کەسی هەیە : خۆ لەوانەش نیە وابەزوویی بگات بەدەستەڵات ,بەڵام گرفتاریو ماندویی زۆر دروستدەکات ,هەوڵدەدات یاسا لەسەر ئەوە دابڕێژێت کە چی شیاوە ژن بیکاتو چی نەشیاوە,و لەسەر چەند )تاکە تاکە (کێشەیەکی تری پەیوەندیدار .

لەئەوروپاشدا تا ئێستا بزوتنەوە راستڕەو,و چەپڕەوە رادیکاڵەکان کۆمەڵە بزوتنەوەیەکی عیلمانی,و بگرە نەیاری فەڵەییش بوون .بەڵام کەم کەس هەن بتوانن پێشبینی ئەوە بکەن لەساڵانی داهاتوودا رەوتی پێشڤەچونی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ ئاراستیەك دەگرن .لێرەشدا دێیینە سەرباسی وەڵامدانەوە بەم بزوتنەوانە لەسەر هەردوو ئاستی سیاسیو فەلسەفی:

لەسەر ئاستی سیاسی ناکرێ ئەو مەترسیانە فەرامۆش بکرێن کە ئەم بزوتنەوانە بۆ سەر هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانە دروستی دەکەن کە تێیدا دەژین,و لەو وڵاتانەشەوە بۆ جیهانی دروست دەکەن ,چونکە ئەوەتا شۆڕشی ئێران,و هەڵکشانی ئسووڵیەت لەشوێنانی تردا گیانکێشانی خەڵکی زۆری لێکەوتۆتەوەو هەروەك ئەوانیش سەرکەوتنی بەرەی فریادڕەسی ئیسلامیی جەزائیریش لەئاستێکی فراوانتردا هەمان شتی لێدەکەویتەوە .بۆیە پێویستە بەلای کەمەوە لەسەر بنەمای سێ پرەنسیپ وەڵامێکی سیاسیانەی بۆ گەڵاڵە بکرێ ,یەکەم ,پێویستە لەسەرمان سەرچاوەکانو رەوایی ناڕەزایی ئەم بزوتنەوانە دیاری بکەین ,ئەو کێشە کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیانە چارەسەربکەین کە لەکاردانەوەیاندا ئەم بزوتنەوانە دروستبون .ناشکرێ لەجەزائیردا بەچارەسەرێك بگەین بەبێ گۆڕینی ئابوری بەو شێوەیەی هەلی کارکردن دابین بکات,و بەبێ ریفۆڕمکردنی ئەو دەوڵەتە گەندەڵەی کە هەر گەندەڵتر دەبێ .پێویستە هێندەی گرنگیی ئەو هەست بەوە بکەین کە کۆمەڵێك رەوش وتێژی توندڕەویی نەتەوەییو ئاینی لەناو خەڵکدا تاو دەدات .لەباری جیهانی ئیسلامیدا گوێ پێنەدانی رۆژئاوا بەهەردوو کێشەی فەلەستینو بۆسنیا دژایەتییەکی ئاینیانەی بۆ ئیمپریالیزم تاوداوە .هەڵکشانی ئسووڵیەت لەزۆر باردا لە )غەززە ,بێت یان لەبۆسنیا ,یان لەنێوان کۆلۆنییە ئیسلامییەکانی ئەوروپای رۆژ ئاوادا (لەوەڵامی ئەو ستەمانەدا دەبێ کە ئەم گروپانە هەستی پێدەکەن,و وەڵامدانەوەی کورتهێنەری هێزە عیلمانیەکان لەڕوی ئەواندا ,چ لەوڵاتی پەیوەندیدارەوەبێ ,یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی .رەگەزپەرستانو هاوار بەدەمان قسەو باسی زۆر لەسەر بونی )تابووری پێنج (دەکەن .پێویستە یەکەم شت سەیری ئەوە بکەین کە چۆنو بۆچی خەڵکێك هاندراونو بانگ کراون بێنە ئەوروپاو کاری تێدا بکەن,و رووی تێدەکەن ,هەروەها لەبەرامبەر ئەو گرفتانەدا کە پێیانەوە گرفتار بون بتوانین توندتر لەڕووی ئاینو خەباتەوە ناسنامەکەیان دیاری بکەین .چونکە گرفتی )ئیسلام (لەئەوروپای رۆژئاوادا بەپلەی یەکەم هەمان گرفتی هاوشانانی خۆیانە لەهاوڵاتیە فەڵەکانی ئەوێ,و گرفتی حکومەتەکانە ,نەك گرفتی هەڕەشەیەکی ئیسلامی بۆ کۆمەڵگەیەکی گەورەتر ,چونکە لەئەوروپایەکی 250)ملیۆنیدا (هەر نزیکەی شەش ملیۆن موسڵمان هەیە.

گەورەترین تاوانەکانی سەدە
لەلایەن ئسووڵییەکانەوە ئەنجام نەدراوە

دووەم شت پێویستە ئێمە لەشیکردنەوەو تاوتوێکردنەکانماندا لەو ساکارکردنەوەو مۆرکبەندیکردنە دووربکەوینەوە کە موسڵمانەکان یەکسان دەکەنەوە لەگەڵ ئیسلامیەکاندا ,چونکە چۆن زۆربەی هندۆسو جولەکە و فەڵەکان ئسووڵی نین ,ئاواش زۆربەی موسڵمانەکان ئیسلامی نین) .ئیسلام (بەهیچ مانایەکی راستەقینە , نەبەساربازیو نەبەئابووری هەڕەشەیەك نیە بۆ )رۆژئاوا .(لەسەدەی هەڤدەوە وڵاتە )ئیسلام(یەکان هیچ

هەڕەشەیەکی سەربازییان دروست نەکردوە .ئەگەر ئەمڕۆش تەحەدایەکی ئابوورییانە لەئارادابێ ,ئەوا ئەوەش لەڕۆژهەڵاتی دوورەوە دێت نەك ناوەڕاست.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە تاکە ئیسلامێكو تاکە فەڵەییەك لەئارادانین,و پێویست ناکات ناوی )موسڵمان(یش بۆ ناساندنی ئیتنییەك بەکار بهێنرێ ,چونکە ئەوەی زۆر جار لەناو مشتومڕی هاوچەرخدا ووندەبێت جۆراو جۆریو جیاوازیی خودی ئەم ئاینانەیە ,ئیتر رەنگە ئەو ونبونە لەناو خوێندنەوە مومکینەکانی دەقە پیرۆزەکانیاندا بێ ,یان لەکلتورو وێژەو مانا ئامادەکانی ناویاندا بێ .ئەگەر لەشارستانیی ئیسلامیدا "بۆ نمونە "ئاراستەیەکی دۆگمایی ,توندڕەو ,پەڕگیر هەبێ کە ئەوە لەئاینەکانی تریشدا هەیە ,ئەوا زۆر شتی دیکەی گومانکاریو چێژ بەخشیو کۆزمۆپۆلیتیو شۆخیو مرۆییش لەو شارستانیەدا هەیە .چونکە کاربەدەستانی هەموو ئاینێك لەگەڵ دوژمنە مۆرکگرتووەکانیاندا بۆ ئەو لەقاندنی مەنگییە پلان دەگێڕن ,هەروەك موجادەلەی دۆگماییەکانی جاران کە دەیانووت تاکە سۆشیالیستیی "راستەقینە "سۆشیالیستیەکەی )جۆزیف ستالین(ە ,یان هی )ئەنوەر خواجە(یە ,هەروەها ناکرێ بەوە رێگری لەبانگەشەی ئسووڵیەت بکرێ ,کە ئەمانە گوزارەکردنی رەسەنی کلتوری نەتەوەیین تا هەستیان پێنەکرێ ,تا سەرباری زانینی فرەڕەنگیو فرەژمارەیی کلتوریی نێوانیان ,ئەم فرەچەشنییە لەناو گروپەکاندا هەست پێنەکرێ .بەدڵنیاییەوە ئەوە زۆر روونە کە پرۆژەی رۆشنگەریی مۆدێرنەیی بەو شێوەیەی کە لەسەدەی بیستدا خەمڵێنراوە ,ئامادەکردنێکی کەمهێن ئامادەکراوەو بگرە زۆر جاریش بەراییە . چونکە ئێمە لەگێتییەکدا ناژین کە بەیەکپارچەیی شێوەیەك بێت لەپێشکەوتن ,یان گێتییەك بێت عیلمانی,و ئازادبوبێ لەئەندێشەی وەهم .بانگەشەکانی ئاوەزیش ئەگەر لەڕێگەی سەرکوتیشەوە نەسەپێنرابن ,ئەوا زیادەڕەوی لەنیهادکردنیاندا کراوە .کەوابێ گەورەترین تاوانەکانی سەردەم ئسووڵییە ئاینییەکان ئەنجامیان نەداوە.

ئەوە تا خودی ئەو زاراوەیەش کە لەکرۆکی ئەم سیمینارەدا حەشاردراوە )عیلمانیەت (رەنگە پیچداچوونەوەی ئەویش سودی هەبێ -:چونکە داڕشتنەکەی لەڕەچەڵەکدا دەگەڕێتەوە بۆ چلەکانی سەدەی نۆزدەو ئەو کاتەش وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ مەرجەعیەتی ئاینی داڕێژراو,و لەکۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا تا ئاستێکی بێ ئەنداز سەلمێنراوە . بەڵام ئەم چەمکە رۆشنگەرییانە وەك بنچینەیەك دەمێننەوە کە دەکرێ بونیادیان لەسەر بنرێ ,بەڵکو دەڵێم پێویستە بونیادیان لەسەر بنرێ ,بەڵام هێندەی ئەوەی کە بەپێی چەمکەکانی خۆمان لەدیموکراسیو تاکڕەویو مافەکانو لێبوردندا راستو دروست بێ .پێویستیشە ئامادەبین سەرلەنوێ دەستنیشانیان بکەینەوەو پشتیوانییان لێبکەین .دەبا لەم رووەوە تەواو روون بین :ئسووڵییەکان لەهەموو پۆلو جۆرەکانیان لەسوور بوونیاندا بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان نازانن ئارامو خاوبوونەوە چیە,و ئامادەشن هەر کەس بێتە رێگەیان نقەی ببڕن ,وهەندێجاریش بیکوژن,و سەرباری ئەوەش هەمووومان دەنێرن بۆ دۆزەخ ,ئیتر ئەو گەشتە چەندی تێدەچێ با بچێ .بۆیە پێش بەسەر چوونی کات لەلای ئەوانەی کە ئسووڵی نین پێویستە رەگەزێك هەبێ گەورەتربێ لەڕەگەزەکانی روونیو سەختی وبگرە خەباتگێڕییش.